# باوەش

بۆ {Simone de Beauvoir 1908-1986}



ئا ئەمشەو
لە باوەشی دەخەوێ
خوێنە کەڕوولاڵەکان
لە لێوەکانی
شەپۆڵ دەدا
ئای ، ئەو باوەشە ، ئەمشەو
چەند بە ئازارە
ئەگەر لە دەشتێکی سەوز بوایە
هاوارەکان
کۆترکانی هەڵدەفڕاند و
لێوەکانیش
بە ئازادی دەهاتنەوە
زمان

***********************

# گۆڕەپان

لە گۆڕەپانی
کەسک و زەرد دا
یەکە یەکە
کەللە سەرەکان
شەق شەقانێ لەگەڵ پۆستاڵەکان دەکەن
مەمکەکانیش
یاری بە دەستی جەلادەکان دەکەن
کەزیەکانیش
پەنجەکانی چەکدار بۆن دەکەن .
هەر لەوێ ...!!

گوێچکەی مێرمنداڵێک و
کەپووی کچێک
رووی چەقۆ ماچ دەکەن .
لە سەر شەقامەکەی
دەستە راستی گۆڕەپاندا
مردن خوار و خێچ
دەڕوا
پێکەنین و گریان
لە دەستە چەپی گۆڕەپاندا
سەما دەکەن
خەڵکیش گۆرانی دەڵێ
هەر هەموویان
یەک گۆرانی
ئەندامانی سەرکردایەتیش
گیتار و کەمان لێ دەدەن .
لە هەمان کاتدا
زەنگی کاتژمێر و
زەنگوڵی بزن و
دەنگی زەنگی کەنیسە و
بانگی مەلای مزگەوت و
سرودی منداڵانی قوتابخانە
گەردەلوولە ، تێکەڵاوی مۆسیقای دەکات
روحەکانیش هەر سەما دەکەن
سەما .

دوو پارچە شیعر : فـەهــد گــردەوانـی